# ئەو کۆترەی لە سەر شانی ئەحمەد چەلەبی نانیشێتەوە !

**ڕزگار عومەر**



کە منالّ بووم ، دایکم هەموومانی بە هەقایەتەکانی خۆی ڕاهێنابوو . یەکێ لەو هەقایەتانەی کە ناوی پالّەوانەکەم تائێستاش لە بیر ماوە هەقایەتی ( حەسەن کەچەلّە ) کە وای بۆ دەچم زۆربەی خوێنەران پێ ی ئاشنابن . لەم هەقایەتەدا :- پاش مردنی پاشای وولاتێ ، دامو دەزگای دەولّەت خەلّك لە گۆڕەپانی گەورەی شار کۆئەکەنەوە بۆ هەلّبژاردنی پاشایەکی تازە ، ڕێو و ڕەسمی ئەم هەلّبژاردنەش زۆر ئاسانە ، یەکێ لە کار بەدەستانی دەولّەت کۆترێك ( لە شوێنی تر بیستومە هەلّۆیەك ) هەلّئەفڕێنن و ئەگەر بۆ سێ جار لەسەر هەمان کەس بنیشێتەوە بە پێ ی یاسای ئەم وولاّتە ئەم کەسە دەبێ بە پاشا ، لەم هەقایەتەش کۆترەکە لە سەر شانی حەسەنە کەچەلّ دەنیشێتەوە و دەبێ بە پاشا . هەمووومان دەزانین حەسەن کەچەلّ و ئەحمەد چەلەبی کە ئێستا ئەندامی مەجلیسی حوکمە لە عێراق تەنیاو تەنیا لە یەك شت یەکتر ئەگرنەوە ئەوەیە کە هەردووکیان کەچەلّن ، بەلاّم بە پێچەوانەی ئەم هەموو جیاوازیەی نێوان ئەفسانەو دونیایی ڕاستی هەیە ، ئەحمەد چەلەبی بە هەر نرخێك بێ واز لە خەونی ئەم کۆترە ناهێنێ ، ئەگەر لە هەلّس و کەوتەکانی چەلەبی ووردبینەوە چ لە پێش شەڕ و چ لە دوای ڕووخانی سەدام دەبینین کە ئەویش بە هەمان میسۆدی ئەفسانە لە دەرگای هەموو شانس و نسیبێك دەدا ، چەلەبی ئەمرۆ زۆری لا گرنگ نی یە سمۆرەی برادەرێکی **CIA** لە سەر شان بێ یان سیسرکە کەچەلّێکی سەربانی خانەقای ( سیستانی ) لە سەر شانی بنیشێتەوە ، بۆ ئەو گرنگ گەیشتنە بە دەسەلاّت ، دەسەلاّتێك ئەگەر بە کارتی عیلمانی و جووت بوون لە گەلّ سیاسەتەکانی ئەمریکا بە دەست نێ دەست ئەخاتە گیرفانەکەتری و کارتی شیعە بوونی خۆی دەردێنێ ، بە جۆرێك کە ئیستا لە گەلّ چەند ئەندامێکی تری شیعە لە دووای هەر کۆبوونەوەیەکی مەجلیسی حوکم نازانم بە کۆپتەر یان بە سواری بەرمالّ خۆی ئەگەیەنێتە لای سیستانی و لە بەرامبەر ئەودا خۆی ئاقلّ و بچووك دەکاتەوە !

مارکس دەلّێ : (( مێژوو دوو جار خۆی دووبارە دەکاتەوە ، جارێکیان بە شێوەی کۆمیدیا ، جارێکیان بە شێوەی تراژیدیا ))
بەلاّم بۆ ئەو کەیسەی چەلەبی هەم ترژیدیایە هەم کۆمیدیا ، تراژیدیایە چونکە ئەو کورت بینیە نیشان دەدا کە بە ناو سیاسەتمەدار دەکا بە جەردە و هەلّپەرستانە بۆ دزینی کێکی دەسەلاّت ئامادەیە جەستەی مردووی نێو قەبریش لە سەر حیسابی کۆمەلّگەو مێژووی تازەی وولاّتێ زیندوو کاتەوە و هەرچی نوزەو نووری شارستانیەتە لەم وولاّتە بیکوژێنێتەوە ، کۆمیدیایە چونکە ئەگەر چەلەبی بە لۆری هەرچی ماستی ئەم بەهارەی هەولێرە بگوازێتەوە بۆ نەجەف و ماستاو بۆ سیستانی سارد کاتەوە ، قەت ناگاتە ئەوەی کە ڕابەرانی حیزبی تودەی ئێرانی لە سالّی **1979** بۆ خومەینی کردیان و بەرزیان کردەوە ، حیزبی تودەو هەموو ئەوانەی لە ئێرانی **1979** هەلّپەرستانە چاوێکیان لە کارتەر و چاوێکیان لە بریجینێڤ و نانی ئێوارەی مانگی ڕەمەزانیشیان لای خومەینی گەرم دەکردەوە ، بوون بە عیبرەتی مێژوو،

چونکە پاش ئەوەی خومەینی زیرەکانە ئەوانی بە کارهێناو دەسەلاّتی ئیسلامی سیاسی چەسپاند و بە سەرکوتی خوێناوی پوولێکی هەرزانی لە ڕەنگی ( قورمە سەبزی ) دا لە پشتی هەر هەمویانەوە ، سیستانی بە پێچەوانەی چەلەبی بە هێمنی یاری دەکاو دەزانێ ئەم کۆترە قەلاجە ئاوا بە ئاسانی نانیشێتەوە ، سیستانی ئەزانێ ئەم وەکو شێوە کت و مت خومەینیە ، بەلاّم ئەشزانێ کە ئەوەی بۆ خومەینی چووە سەر قەت بۆ ئەم ناچێتە سەر ، سیستانی بێ ئەوەی دوودلّ بێ لە بەکارهێنانی هەر فورسەتێکی گەورەو بچووك بۆ غەرق کردنی عێراق لە تاریکی ، دانی بە خۆی گرتوەو دەزانێ ئیسلامی سیاسی بە پێچەوانەی سالاّنی هەفتاکان کێرڤەکەی ڕوو لە خوارەو زیاتر بە تەکتیك هەلّس و کەوت دەکاو لە هەر فورسەتێك دلّنیابێ لە سەرکەوتن عەبای مەلایەك بە سەدی وەکو چەلەبی ناگۆڕێتەوە.

کەیسی چەلەبی کۆمیدیایە ، چونکە چەلەبی لە نێوان دوو پەندی پێشینانی کوردی گیری خواردووە ، دەتوانین پێ ی بلّێن یاری بە ئاگر مەکە ، دەتوانین دەست بخەینە سەر لووتمان و بە ئەسپایی بە پەند نەسیحەتی بکەین و پێ ی بلّێین :- دارەکەی دەستت هەردوو سەری بۆنداره !!